**دوای کۆتایی هاتنی یاری نێوان کەرکووک و هەولێر**
**ڕێبوار توفیق ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکووک تایبەت بە گوڵان:**

# گەر وابڕوا جارێکی تر بەشداری لە خولی نایابەکانی کوردستان ناکەین

***دوای تەواو بوونی یاری نێوان هەردوو یانەی کەرکوك و هەولێر بە ئەنجامی (٢-٢) گۆڵ لە میانی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان ڕێبوار توفیق ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە ئەندامێتی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی کەرکوك ڕاگەیاند بە بیانووی نزمی ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان بە گشتی و ئاستی ناوبژیوانانی یاری نێوان هەولێر و کەرکوك بە تایبەتی، بۆ زانینی ڕاست دروستی ئەم کێشەیە و ئایا دەست لە کار کێشانەوەی ریبوار توفیق تەنیا بۆ ئاست نزمی ناوبژیوانان دەگەڕێتەوە یاخود هەندێك شتی شاراوە تر هەیە کە وای لێکرد لەم کات و ساتەدا ئەم بڕیارە بدات، ئێمەش وەك فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی پەیوەندی بە ڕێبوار توفیق ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك و ئازاد حاتم ناوبژیوانی یەکەم و نەوزاد حەمە غەریب یاریدەدری ناوبژیوانی یاری نێوان کەرکوك و هەولێر بکەین.***



**سەرەتا پەیوەندیمان بە ڕێبوار توفیق ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی کەرکووك کرد و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام و گوتی:**

ئێمە ماوەیەکی زۆر زۆرە لە ئاستی ناوبژیوانانەی کوردستان نارازین و ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئەو ناوبژیوانانەی کە یاری ئێمە بەڕێوەدەبەن دوای تەواوبوونی یارییەکە ناوبژیوانەکان سزا دەدرێن کە ژمارەیان دەگاتە (٣) ناوبژیوان، چونکە ئاستیان زۆر نزمە و خراپن و هیچ نازانن هەروەها یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هیچ ڕۆڵێکیان نییە و تا ئێستا نەیانتوانیوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن ئەمەش ئەنجامەکەیەتی کە ئەمرۆ دیبینین، پێش دەستپێکردنی خولی کوردستان من لە چەند ڕۆژنامەیەك لێدوانم دا و گوتم ئەمساڵ خولی کوردستان لە هەولێر دەگوازمەوە کەرکووك واتە یانەی کەرکووك دەبێتە پاڵەوانی خولی کوردستان ئەمەش مافی ڕەوای خۆمانە، چونکە تیپێکی یەکجار باشمان هەیە، هەروەها ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ مادەی (١٤٠) چونکە ئێمە لە شاری کەرکووك پێویستیمان بە بردنەوە و خۆشی هەیە، بەڵام وا دیارە ئەم لێدوانانەی ئێمە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و هەندێك شتی تر هەیە من ناتوانم ئێستا باسی بکەم و لە کاتی خۆی رایدەگەیەنم، بەڵام نابێ تۆپی پێ لە کوردستان بەم شێوەیە بڕوات بەو نا یەکسانیە بەو نا عەدالەتیە ئێمە وا هەست دەکەین کە نابێت ئەمساڵ پاڵەوانی خولی کوردستان لە هەولێر بچێتە دەرەوە بۆیەش ئێمە بەم شتە رازی نین بە تایبەتی من، بۆیە من دەست لە کارکێشانەوەی خۆم راگەیاند، ئەمە چەند جارە ئەم شتە دووبارە دەبێتەوە بە تایبەتی لەدواین یاری ئێمە بەرامبەر هەردوو یانەی هەندرێن و هەولێر ئێمە هەر زوو هەستمان بەم پیلانە کرد کە لە دژی ئێمە دەیگێڕن و غەدر لە ئێمە دەکەن و هەر چۆنێك بێ نابی یانەی کەرکووك ئەمساڵ خولی کوردستان بە دەست بێنێت و ئەم شتەش باش دەزانین، گەر باسی یاری نێوان هەولێر و کەرکووك بکەین دەبینین ناوبژیوان (٥) دەقەی زیاد کرد بە ناحەقی پاشان لە دەقەی (٩٦) یانەی هەولێر گۆڵی بەرامبەری تۆمار کرد پاشان لە دەقەی (٩٨) یارییەکەی بە کۆتا هێنا لەهەمان کاتیشدا گۆڵی دووەمی یانەی هەولێر ئۆفسایدبوو، چونکە یاریدەدری ناوبژیوان دەستی بەرزکردەوە کە گۆڵەکە ئۆفسایدە، بەڵام ناوبژیوان بە گۆڵی ژمارد ئەمەش لە هیچ یاسایەك نییە.

**لە پرسیارێکی ئێمە دەربارەی ئەوەی کە دەنگۆی ئەوە هەیە یانەی کەرکووك بڕیاری داوە هیچی تر بەشداری لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان نەکات تا چەند ئەمە ڕاستە؟**

لە وەڵامدا گوتی: من وام پێ باش بوو ئەگەر خولی



ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی




کوردستان بەم شـــێوەیە بڕوات و ئەو ماندووبوونەی ئێمە بە فیڕۆ بـــڕوات و غەدرمان لێبکرێـــت و دژایەتیمان بکرێت ئەوە جارێکی تر بەشـــداری لە خولی پلە نایابەکانی کوردســـتان نەکەین، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و عێراق و هەندێ شـــتی تر هەیە کە بۆ بەرژەوەندی گشتی دەگەڕێتەوە بۆیە ئێمە ئەم بڕیارەمان دواخســـت نەمانتوانی جێبەجێی بکەین و بۆیە هەر ئەنجامێکی تر بە دەست بێنین ئێمە رازین، چونکە هیچ شتێکمان لە دەســـت دانیە، لە کۆتایشـــدا داواکارم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پێداچوونەوەیەك بە وەرزشی کوردستان بکات چونکە ئێستا لە ئاســـتێکی مەترســـیدایە و وەرزش لە کوردستان چەند مافیایەك بەڕێـــوەی دەبەن، چونکە هەر کـــەس بۆ بەرژەوەندی خۆی کار دەکات، کە وەرزش لە کوردســـتان دوور بێت لەو پیلان گێڕانە و دوور بێت لەو شتە خەراپانە و دەبێ پێداچونەوە هەبێ لە هەموو شتێك و دەبێ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چەند خولێکی بەهێـــزی ناوبژیوانی بکاتەوە چونکە بودجەی یەکجار زۆرە و بێ حیســـابە، ئێمە ئەمســـاڵ تیپێکی باشـــمان هەیە، بەڵام ئەم دوو جەمســـەرە کە یەکێکیان هەولێرە کار بۆ یانەی بروسك دەکات و ئەوەی تریان سلێمانیە کار بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکات دژی یانـــەی کەرکووکن تاکو ئەم دوو یانەیە ببنە پاڵەوانی خولی کوردســـتان بۆ تۆپی پێ و هەندێ ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە یانەی بروسك کار دەکەن بۆیە هەموو ئاسانکارییەك بۆ یانەی بروســـك دەکەن تاکو ببێتە پاڵەوان و بەڵگەشم ئەوەیە کە لە یاری بروسك و کەرکووك بە چ جۆرێك ئێمەیان بە دۆڕاندن دا ئەمەش جێگای شەرمەزاریە بۆیان.

**پاشـــان پەیوەندیم بە ناوبژیوان ئازاد حاتم ناوبژیوانی یەکەمی ئەم یارییە کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام:**

گۆڵی دووەمی یانەی هەولێر ١٠٠٪ راســـتە نە ئۆفســـایدە و نە هیچ شـــتێکی تـــر و هیچ گومانی تێدا نییـــە، بەڵام ئەوندە بوو یاریدەدرەکەم بۆ چرکەیەك دەســـتی بـــەرز کردەوە وای زانی ئۆفسایدە، بەڵام یەکسەر دەستی هێنا خوارەوە کە زانی ئەم حاڵەتە ئۆفســـاید نییە بۆیە یانەی کەرکـــووك نیگەرانی خۆیان دەربری دەرباری ئەم شـــتە، ئەم حاڵەتە کەناڵەکانـــی تەلەفزیۆن وێنەیان گرتـــووە و دەتوانن ســـەیری ئەم حاڵەتە بکـــەن و ئینجا بڕیاری خۆتانی لەسەر بدەن.

**لە کۆتایشـــدا پەیوەندیمان بە نەوزاد حەمە غەریب یاریدەدری ناوبژیوانی یاری نێوان کەرکووك و هەولێر کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام و گوتی:**

یارییەکە بە گشـــتی تا دەقەی (٩٣) ئاستی یەکجار بەرز بوو چ ئاســـتی یاریزانەکان و چ ئاستی ناوبژیوانەکان بێت، بەڵام لە دەقەی (٩٣) کە گۆڵی دوومی هەولێر تۆمار کرا کە سەیرم کرد یاریزانـــی هەولێر کە تۆپەکەی وەرگرت لـــە نێوان دوو یاریزان و گۆڵچی یانەی کەرکووك بوون، بە پێی یاسای تۆپی پێ کاتێك کـــە یاریزان تۆپ وەردەگرێت دەبێ یاریزانێك و گۆڵچی لە دواوە بێت، بـــۆیـــە کە یاریزانەکەی هەولێر تۆپی وەرگرت وام زانی ئۆفسایدە دەســـــــتم بەرزکردەوە، بەڵام حاڵەتەکە هیچ ئۆفساید نەبوو یەکســـەر دەستم هێنا خـــــوارەوە و ئەم حاڵەتە بووە گۆڵ و گۆڵەکەش هیچ کێشـــەیەکی نەبوو و یارییەکەش بە گشتی زۆر باش بوو.

ناوبژیوان ئازاد حاتم:
گۆڵی دووەمی یانەی هەولێر ١٠٠٪ راستە و هیچ گومانی تێدا نییە

# به هەڵەی راهێنەر و ه

## یانەی هەولێر سەرکەوتنی بۆ قۆناغ







رۆژی چوارشـــەممەی رابردوو لە میانی جەولەی سێیەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا یانەی هەولێر تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ قۆناغـــی داهاتوو لاواز بوو دوای ئەوەی لە نێو یاریگای باختاکۆری ئۆزبەکســـتانی و لە ماوەی (٥) خولەکدا بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ بەرامبەر یانەی باختاکۆری ئۆزبەکســـتانی دۆرا، هەر لە ســـەرەتای یارییەکە راهێنەر ئەکرم سەلمان هەلەیەکی گەورەی کرد کاتێك یاری بە یاریزان لوئەی ســـەلاح کرد کە لەم یارییە ئاســـتی وەك پێویســـت نەبوو هەروەها چەندین هەلی بۆ رەخســـا بـــۆ تۆمار کردنی گۆڵ، بەڵام هەمووی لە دەستدا لە گێمی یەکەمی یارییەکە ئاستی یانەی هەولێر وەکو یارییەکانی تر بوو کۆنترۆلی ناوەراستی یاریگای کردبوو، بەڵام بە بێ سوود بێئەوەی گۆڵ تۆمار بکات و یاریزانەکان چەندین هەلی ئاســـانیان لە دەستدا وەك یاریزان لوئەی سەلاح و رافد بەدردین کە ئاســـتی لەم یارییە لە یارییەکانی تریشدا وەك پێویست نەبوو، لە گێمی دووەم کە پێی دەڵێن گێمی راهێنەران، بەڵام بەداخەوە راهێنەری یانەی هەولێر ئەمە دوو یارییە لەســـەر یەکتری هەڵە دەکات و یانەی هەولێر لە گێمی دووەم تووشـــی شکســـت دێت و گۆڵی لێ تۆمار دەکرێت و راهێنەر ئەکرم سەلمان لە هەردوو یاری هەمان هەڵە دووبارە دەکاتـــەوە، بگەرێنەوە گێمی دووەمی یاری نێوان هەولێر و باختاکور، راهێنەری یانەی باختاکور حیدەرۆف توانی لە گێمی یەکەم گشـــت خاڵە لاوازکانی یانەی هەولێر دیاری بکات و توانی گۆڕانکارییەکی یەکجار گرنگ ئەنجام بـــدات کاتێك یاریزانی بە توانا جیرنێخ یاری پێ کرد کە ئەم یاریزانە توانی گۆڵی یەکەم دروســـت بکات و گۆڵی دووەم تۆمار بکات، بەڵام تۆمـــار کردنی هەردوو گۆڵ بە یارمەتی راهێنەر ئەکرەم ســـەلمان بوو چونکە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی گێمی دووەم ئەکرم ســـەلمان هەڵەیەکی مێژوویی کرد کاتێك یاریزان ئەحمەد سەلاحی هێنایە شـــوێنی یاریزانی هێڵی ناوەراستی بە توانا ئوسامە عەلی ئەم یاریزانە لە گێمی یەکەم توانی گشت هێرشەکانی یانەی باختاکـــۆر پوچەڵ بکاتەوە و لەگەڵ یاریـــزان عەلا نیرۆز و ئەحمەد عەبد عەل ی کۆنترۆڵی هێڵی ناوەراست بکەن، راهێنەر ئەکرم ســـەلمان دەیتوانی ئەحمەد سەلاح لە شوێنی لوئەی سەلاح یاری پێ بکات چونکە لوئەی ئاســـتی وەك پێویســـت نەبوو لەم یارییە، بەڵام ئەکرم ســـەلمان هەر لە هەڵەکانی بەردەوام بوو کاتێك یانەی هەولێر لە



## ـــــــەندێ لە یاریزانەکان

# ـــــی دووەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا لاواز بوو

ماوەی (٥) خولەك دوو گۆڵی لێکراوە واتە پێویستی بە بەهێزکردنی هێڵی ناوەراستــــە، بەڵام بە پێچەوانەوە و ســـەیرترین گۆرانکاری کرد کاتێك دیدار حامیدی گۆڵچی هێنا شـــوێنی ســـەرهەنگ موحسین ئەم گۆرانکارییە چەندین پرســـیاری لای ئێمە دروســـت کرد ئەگەر سەرهەنگ موحسین بە شێوەی ٪١٠٠ ئامادە نییە بۆچی لەم یارییە بەشداری دەکات؟

ئەگەر ئامادەشە بۆچی راهێنەر ئەم گۆرانکارییە سەیرەی ئەنجام دا کاتێك یانەکەی بە (٢-٠) لە دواوەیە؟ بۆ یاری بە یاریزانی بە توانا حەیدەر سەباح نەکرد لە سەرەتای گێمی دووەم یاخود راستەوخۆ دوای تۆمار کردنی گۆڵی یەکەم یان گۆڵی دووەمی یانەی باختاکۆر؟

ئەم پرســـیارانە پێویســـتی بە وەڵام هەیە، یانەی هەولێر لەم گێمە هیچ ئاستێکیان نیشان نەدا هەموو یاریزانەکان تەنیا بۆ خۆیان یارییان دەکرد بە تایبەتی ئەحمەد ســـەلاح لە نێو یاریـــگا وەکو هاندەر تەنیا سەیری تۆپ و یاریزانەکانی یانەی باختاکۆری دەکرد کە چۆن یاری بـــە تۆپ دەکەن و هەڵەکانی ئەکرم ســـەلمان هەر بەردەوام بوو کاتێك یاریزان حەیدەر ســـەباح لە دەقەی ٧٥ هێنا شوێنی یاریزانی بە توانا موســـلم موبارك کە ئاستێکی یەکجار باشی نێشاندا، لە هەمان کاتدا یاریزانێکی بێ سوودی وەکو لوئەی سەلاحی لە نێو یاریگا هێشتەوە، ئەوەی جێگای باســـە لەم یارییە راهێنـــەر و هەندێ لە یاریزانەکانی یانەی هەولێر ســـێ خاڵیان بە دیاری پێشکەش بە یانەی باختاکۆری ئۆزبەکســـتانی کرد، بـــەڵام لەم یارییە تەنیا یاریزانان یاســـر رەعد و ساماڵ سەعید و موسلم موبارك ئاستێکی یەکجار باشیان نیشاندا کە جێگای دەستخۆشـــیە بە پێچەوانەی یاریزانەکانی تر، بۆیە پێویستە دەستەی کارگێری یانەی هەولێر دانیشتنێك لەگەڵ یاریزانەکان ئەنجام بدات بۆ ئەوەی یاریزانەکان بە تەواوی بە خۆیان دابچنەوە و خۆیان بۆ یاری داهاتوو بە باشی ئامادە بکەن هەروەها یاری داهاتووش دوای ٩ رۆژی تر ئەنجام دەدرێ و دەبێ یانەی هەولێر هەر لە ئێســـتاوە یاری تاشقەند لەبیر بکات و بیر لە یاری داهاتوو بکاتەوە و هەروەها بیر لە چۆنیەتی پر کردنەوەی شوێنی هەردوو یاریزانی بە توانا سەلام شاکر و ئوســـامە عەلی بکاتەوە کە لە یـــاری داهاتوو بە هۆی وەرگرتنی دوو کارتـــی زەرد یاری ناکەن، ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی یارییەکان و رێزبەندی کۆمەڵەکانی ترە.

### کۆمەڵەی یەکەم

سیبهان ئەسفهان ئێران — ئیتحاد سعودیە ٢-١ گۆڵ
ئیتحاد سوریا — کۆرۆفتچی ئۆزبەکستان ٠-٢ گۆڵ

رێزبەندی کۆمەڵەی یەکەم
١- ئیتحاد سعودیە ٦ خاڵ
٢- کۆرۆفتچی ئۆزبەکستان ٦ خاڵ
٣- ئیتحاد سوریا ٣ خاڵ
٤- سیبهان ئەسفهان ٣ خاڵ

### کۆمەڵەی دووم

قوە جەویە عێراق — سایبا ئێران ٠-١ گۆڵ
وصل ئێمارات — کوێت کوێتی ١-٠ گۆڵ

رێزبەندی کۆمەڵەی دووەم
١- سایبا ئێران ٧ خاڵ
٢- قوە جەویە عێراق ٤ خاڵ
٣- وصل ئیمارات ٣ خاڵ
٤- کوێت کوێتی ٢ خاڵ

### کۆمەڵەی سێیەم

سەد قەتەر — کەرامە سوریا ٠-٢ گۆڵ
ئەهلی سعودیە — وەحدە ئیمارات ٠-٠ گۆڵ


رێزبەندی کۆمەڵەی سێیەم
١- کەرامە سوریا ٧ خاڵ
٢- سەد قەتەر ٤ خاڵ
٣- ئەهلی سعودیە ٢ خاڵ
٤- وەحدە ئیمارات ٢ خاڵ

### کۆمەڵەی چوارەم

باختاکۆر ئۆزبەکستان — هەولێر ٢-٠ گۆڵ
قادسیە کوێت — غەرافە قەتەر ١-٠ گۆڵ

رێزبەندی کۆمەڵەی چوارەم
١- قادسیە کوێت ٧خاڵ
٢- باختاکۆر ئۆزبەکستان ٤ خاڵ
٣- هەولێر ٢ خاڵ
٤- غەرافە قەتەر ٢ خاڵ







## باربا توف ئەستێرەی تۆتنهام و باشترین یاریزانی بولگاری

سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتەکەی دوورە، بەڵام خۆشەویستی هاندەرانی ون نەکردووە ئەستێرەی بە ناوبانگی یانەی تۆتنهام هۆتسبێر دیمیتار برباتۆف نازناوی باشترین یاریزانی بولگاری بۆ ساڵی (٢٠٠٧) وەرگرت، یاریزانی ناوبراو بە پەلە لە ئینگلتەرە گەڕایەوە شاری سۆفیا بە مەبەستی ئامادەبوونی لە ئاهەنگی وەرگرتنی ئەم خەڵاتە کە خەونی گشت یاریزانێکە.



**یانەی ئاڵا گەیشتە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ**

# دیسان ئاژاوە سەری هەڵدایەوە ئەمجارە یاریگای شێروانەی گرتەوە


لەمیانی یارییەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان هەفتەی رابردوو لە یارییەکی گرنگ و چارنووسازدا یانەی شێروانە میوانداری یانەی ئاڵای کرد، ئەنجامی ئەم یارییە بە بێ گۆڵ یەکسان بوون بەم ئەنجامەش یانەی ئاڵا سەرکەوت بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزی داهاتوو، ئەوەی جێگای باسە دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە یاریزانانی یانەی ئاڵا و ناوبژیوانی یارییەکە تووشی لێدانێکی یەکجار زۆر بوون لە لایەن جەماوەری یانەی وەرزشی شێروانە، ئێمەش بۆ زانینی راست و دروستی ئەم رووداوە بە پێویستمان زانی ئەم راپۆرتە ئامادە بکەین.



**سەرەتا پەیوەندیمان بە عەلی شیخ محەمەد سەرۆکی یانەی شێروانە کرد ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام:**

ئەوەی راستی بێت یارییەکە زۆر باش بوو و بێ کێشە بوو و ناوبژیوانەکان ئاستیان زۆر باش بوو و هیچ شتێکی خراپی لێ روونەداوە و هیچ کەمتەرخەمی نەبووە، بەڵام یارییەکە زۆر گرنگ بوو بۆ هەردوو یانە و جەماوەرێکی زۆر هاتبوو، لە یاری یەکەمیش لە دەقەکانی کۆتایی ناوبژیوان لێدانی سزای بۆ یانەی ئاڵا ژمارد کە بە هیچ شێوەیەك لێدانی سزا نەبوو و غەدرێکی گەورەیان لە ئێمەکرد، لەم یارییەش جەماوەر دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە یانەی ئاڵایان بەرد باران کرد و ئاژاوەیان گێڕا، بەڵام ئێمە توانیمان کۆنترۆڵی یاریگا بکەین و ئاژاوەکە نەهێڵین، خۆم تا گەڕانەوەی یانەی ئاڵا لە کەلار لەگەڵ یاریزانەکانی یانەی ئاڵا بووم، ئێمەش ئەم شتانەمان پێ خۆش نییە، بەڵام ئەم شتە دوور بوو لە دەسەڵاتی ئێمە، ئێمە هیچ جیاوازیەکمان لەگەڵ یانەی ئاڵا نییە و پیرۆزباییان لێدەکەم بە بۆنەی سەرکەوتنیان بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام بەداخەوە کە ئەمە رووی دا چونکە ئێمە چەند ساڵە لە کەلار توانیمان کۆنترۆڵی یارییەکان بکەین و هیچ کێشەیەك دروست نەبێت. **دواتر پەیوەندیمان بە یاریزانی یانەی ئاڵا دلشاد ساڵح کرد دەربارەی ئەم یارییە ئەویش بەم شێوەیە هاتە وەڵام و گوتی:**

هەر لە سەرەتای یارییەکە جەماوەر قسەی ناشیرنیان بە ئێمە گۆت و هەر لە خولەکی یەکەم تا کۆتایی یارییەکە جەماوەر هەر بەردیان لە ئێمە دەدا، هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی یارییەکە بە هەزاران کەس لە جەماوەری یانەی شێروانە هاتنە نێو یاریگا و بە بەرد و شوشە و بۆری لە ئێمەیان دەدا چەندین یاریزانی ئێمە بەردی پێ کەوت، منیش بەردم بە پشتی کەوت و چەندین یاریزانی تر و جامی پاسی یانەکەمان شکاوە، بەڵام کە ئاسایش هات چەند گولەیەکیان بۆ ئاسمان تەقاند، ئێمە هەموو یاریزانەکان لە سەر دیواری یاریگا پازمان دایە تا بگەینە پاسی یانەکەمان و نزیکەی یەك سەعات لە نیو پاس دانیشتووین تاکوو پۆلیس هاندەرانی یانەی شێروانەیان لە ئێمە دوور خستۆتەوە، ئێمە هەست بە خۆشیەکی یەکجار زۆر دەکەین کە توانیمان بگەڕێنەوە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە کە لە خولی پلە نایابەکان یاری بکات. **دواتر یاریزانی یانەی ئاڵا رێمان خالید بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:**



ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە چووینە نێو یاریگا هەستمان کرد کە شتێك رووددەدات لە لایەن جەماوەر چونکە بە قسەی زۆر ناشیرین و دەنگۆی زۆر ناشیرین قسەیان دەکرد بەم شێوەیە یاریزانەکان تووشی ترس هاتن کەس نەبوو ئەم شتانە رابگرێت بە هەر حاڵ یارییەکە بە کۆتا هات بە سەرکەوتنی ئێمە بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە جەماوەر هاتە نێو یاریگا بە هەڵسوکەوتێکی دوور لە گیانی وەرزشییان بەرامبەر ئێمە ئەنجام دا، دەبوایە هێزێکی زیاتر لە نێو یاریگا ئامادە بن چونکە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەم یارییە بوون، خەونی گشت یاریزانێکە کە لە پلە نایابەکانی کوردستان یاری بکات ئەمەش بە ماندووبوونی یاریزانەکان و راهێنەر و دەستەی کارگێری یانە هاتە دی، چونکە تا دواین سات بە یەك دەست بە یەك روح کارمان کردتا گەیشتینە خولی پلە نایابەکانی کوردستان، هیوادارم یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەو یانانە بە توندی سزا بدەن کە ئاژاوە لە یاریگاکانیان رووددات.

**دواتر پەیوەندیمان بە بۆتان کەریم ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی ئاڵا کرد بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەی ئێمەی نەداوە.**

# لەخولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان
# ململانێ بۆ بە دەستهێنانی نازناوی وەرزی ئەمساڵ بەردەوامە

لەچوارچێوەی جەولەی حەوتەمینی قۆناغی دووەمینی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێ ئەمڕۆ و سبەی هەشت یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ تێیدا رکابەرییەکی تەواو لە نێوان یانەکان بەدی دەکرێت لە لایەکی ترەوە یانەکانی خوارەوەی ڕیزبەند دەیانەوێ خۆیان دەرباز بکەن لە دابەزین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان کە سێ یانەی دواوە دەگرێتەوە ئەمەی خوارەوەش خشتە و کاتی یارییەکانە.



ئاسۆ – دهۆك یاریگای
ئاسۆ ٠-١
پێشکەوتن – کەرکووك
یاریگای شەهیدان ٠-٢
پێشمەرگەی سلێمانی- پێرس
یاریگای سیروانی نوێ ٠-٠
بروسك – هەولێر یاریگای
بروسك ٢-١
پێشمەرگەی هەولێر
– سلێمانی یاریگای
پێشمەرگەی هەولێر ٢-١
ئەزمەر – هەندرێن
یاریگای سیروانی نوێ
٢-٠

ئارارات – سیروانی نوێ
یاریگای ئارارات ١-٤
زاخۆ – هەڵۆ یاریگای
زاخۆ ٠-٠
ئەمەو رۆژانی پێنج شەممە و هەینی داهاتوو (٨) یاری دیکە ئەنجام دەدرێ و بەم شێوەی خوارەوە.
پێشکەوتن – ئاسۆ

یاریگای شەهیدان ١-١
دهۆك – پێشمەرگەی
سلێمانی یاریگای دهۆك
٢-٤
کەرکووك – بروسك
یاریگای کەرکووك ٠-١
پێرس – پێشمەرگەی هەولێر
یاریگای پێرس ٢-١
هەولێر – ئەزمەر

یاریگای شەهید فرانسۆ
٢-١
سلێمانی – ئارارات
یاریگای سیروانی نوێ
٢-١
هەڵۆ – هەندرین
یاریگای بلێ ٠-٢
سیروانی نوێ – زاخۆ
یاریگای سیروانی نوێ
٢-٠
ئەمەو گشت یارییەکان کاتژمێر (٣)ی ئێوارە ئەنجام دەدرێ.

## سارکۆزی و گۆڵدن براون سەردانی ڤینگەر دەکەن

سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی زۆر کاری هەیە کە گرنکیەکی زۆری پێ دەدا لەوانە خۆشەویستی خۆی بۆ تۆپی پێ لە کاتی سەردانی بۆ وڵاتی ئینگڵتەرە هەلی بۆ رەخساو لە کاتی پشووی فەرمی سەردانی یاریگای ئیماراتی کرد لە نێو جەرگەی پایتەختی ئینگڵتەرە لە لەندەن و چەندین جار یاری بە تۆپ کرد، لە کاتی سەردانەکەی بۆ راهێنەری فەرەنسی ئارسن ڤینگەر سەرۆك وەزیرانی ئینگڵتەرە گۆڵدن براون یاوەری بوو ڤینگەر زۆر خۆشحاڵ بوو کە سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکەی سەردانی ئەو یانەیە بکات، گۆڵدن براون زۆر سەرسام بوو بە هۆی ئاست بەرزی سارکۆزی لە تەکنیکی یاریکردنی بە تۆپ.



## بێکهام گەڕایەوە و فیکتۆریاش بە دیارکەوت

لەگەڵ گەڕانەوەی دێڤید بێکهام بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە، ڤیکتۆریای هاوسەری بێکهام جارێکی دیکە لە پەیژەکان و لە نێو جەماوەری وەرزشی بە دیارکەوت و سەیری مێردەکەی دەکرد کە سەرکردایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەکات دژی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە یارییەکی دۆستانەدا، ئەم یارییەش بۆ بێکهام لە مێژوو دەنووسرێ چونکە ژمارەی یارییەکانی گەیشتە (١٠٠) یاری، بەڵام لەو یارییە دا بەخت یاوەری بێکهام و فیکتۆریا نەبوو و لەو یارییە دا دۆران و کرۆزی کوڕی بێکهامیش لەو یارییە دا بە دوای خواردنی خۆی بوو.



## هەڵبژاردەی پورتوگال بە جلی نوێوە

لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا نەخشەسازی جل و بەرگی وەرزشی نوێی هەڵبژاردەی پورتوگال لە تۆپی پێ پێشکەش بە دەزگاکانی راگەیاندن کرا و تیاییدا چەندین ئەستێرەی پورتوگالی ئامادەبوون لەوانە گۆڵچی ریکاردۆ و ئەستێرەی هێڵی بەرگری برۆنۆ ئەلێفیس و ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاست لویس نانی و راهێنەری بەرازیلی سکۆلاری کە هەموویان باسیان لە جل و بەرگەکە کرد کە لە یۆرۆی (٢٠٠٨) لەبەری دەکەن.

